# ئاشناكردنەوەی موسڵمانان بە دەعوەو بانگەوازی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) بەشی دووەم

✍ : **دكتۆر/ كاوە أكرەم سەنگاوی**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

### چەمك و واتای عیبادەت و مەبەست لە« توحید الألوهیة»:

یەكەم شتێكە كە خودا پێویستی كردبێ لەسەر بەندەكانی جێ بەجێی بكەن و ئەدای بكەن بەندایەتی كردن و پەرستنیەتی بە تاك و تەنها، چونكە پەرستراوێتی خودا و ئەرك و وەزیفەی ئینسان لە بوونەوەرەدا پەیوەندی ڕاستەو خۆی پێكەوە هەیە.

جا هەروەك چۆن بەهۆی ناسینی خوداوە، ئینسان خۆی و بونەوەرو ژیان دەناسێ و دەزانێ لە كوێ وە هاتووەو بۆ كوێ دەچێ و سەرەنجامی بەچی دەگات، وە ئەگەر بۆ لێكدانەوەی خۆی و بوونەوەرو ژیانەكەی پەنا بۆ هەرشتێكی تر بەرێت جگە لە خودا، ئەوا دەستی لە ئەفسانەو خورافیات گیردەبێ و، سەری لە بەتاڵو پوچەوە دەردەچێ .

بەهەمان شێوەش بەهۆی پەرستنی خوداوە، ئینسان ئەتوانێ حیكمەت و هۆی خولقانی خۆی جێ بەجێ بكات و ماناو بایەخ و حیكمەتێك كە خۆی و، ژیان و، بونەوەرەكەی لە پێناودا دروست بووە ئاداكات، جا ئەگەر ئینسان ڕووی لە تەنها پەرستنی خودا نەبوو، ئەوە هیچ بێ ڕێزی وسپڵەیی بەرامبەر بەخودا نواندووە، بێ ئەدەبی وگێلێتیشی نیشان داوە بەرامبەر بە خۆی و بەبونەوەرو ژیانەكەی، چونكە خودی بوونەكەیان شتێكی پوچ و بێ حیكمەت دەردەچێ وماناو بایەخ و حیكمەتێكی نامێنێ و دەبنە شتی پوچ وبۆش ! !

**بۆیە: لە هەموو شتێك گرنگترو لە پێشتر ئەوەیە ئینسان بزانێ بۆچی دروست كراوە:**

ئینسان پلەو پایەكی زۆر گەورەو بەرزو گرنگی هەیە، كەهیچ دروست كراوێكی نێو بونەوەر نایگاتێ، ئەویش ئەوەیەكە هەرچی لە ئاسمان و زەویدا هەیە خوا بۆ ئینسانی مل كەچ كردووە كە سودی لێوەرگرێ و

لــەژیانو گــوزەرانی دونیــادا لێــی ســود مەندبێ.

وەکــو خــوای پــەروەردگار خــۆی دەفەرمووێ:

﴿ اللَّهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢﴾ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾ ﴾ (الجاثية).

واتە: هەر خوا خۆی دەریای بۆ ئێوە مل کەچ و ژێربارکردووە، تا بەفەرمانی خودا کەشتی لەناویدا بگەڕێ بێ ئەوەی نقوم ببێ .. وە بۆ ئەوەی لەو بەخشش ونیعمەتانەی کە خودا داینــاوە لـەدەریادا ئێوە لێی سود مەندبن .. وەهەرچی لە ئاسمان و زەویدایە، هەر هەمووی خودا بەمیهرەبانی خۆی بۆ ئێوەی دەستەمۆکردووە بۆ ئەوەی لەژیانی دونیادا لێی بەهرەمەند بن .. ئا ئەمانە بەلگەو نیشانەی ڕوون و ئاشکرای تێدایە بۆکەسانێ کە بیر بکەنەوەو بزانن کەحیکمەتی دروست بوونی ئەم بونەوەرە چییە .

لەئایەتەکانی قورئاندا بەلگەو نیشانەی زۆری تێدایە کەباس لەوە دەکاتو ئەوە دەسەلمێنێ کەئەم گەردوونەو ئەوەی لەم بونەوەرەدا هەیە، هەر هەمووی خودا لەپێناو مرۆڤدا دروستی کردووەو ژێرباری کردووەو، بەجۆرێك ڕێك خراوەو دانراوە لەگەڵ سروشتو ژیانی دا بگونجێ، وەبەئەندازەو چۆنیەتی‌یەکی وەها دروست کراوەو بەدی هێنراوە کەژیانی مرۆڤی پێ‌چاکو تەواو بێ .

وە هەرشتێك بۆ ژیانی ئینسان پێویستبێ و زەرورەتی ژیانی بێ خودا بۆی ئامادە کردووە ولەگەڵ سروشتی ژیانی دا گونجاندویەتی، وەهەرشتێك کەببێتە مایەی کۆسپ وتەگەرەو ڕێگر لەژیانی خودا لای بردووەو نەیهێشتووە.

لەوەوە دەردەکەوێ کە ئینسان ئەرکێکی گرنگ و کارێکی گەورەو وەزیفەیەکی پڕ بایەخی وای پێ سپێردراوەو لەسەر دانراوە کەهیچ شتێکی دیکەی نێوبونەوەر توانای هەلگرتنی ئەو بارەو جێبەجێ کردنی ئەو کارەی نییە.

**کەوابوو:**

ئەم ئاسمـان و زەوی و بونـەوەرەی كـە لەخزمەت ئینسان دا دانراوە هەروا شـتێكی گاڵتەو بێ سـود نییـە هـەروا بـە خـۆڕاییو بەتاڵ دروست نەبووە.

ئـەم ڕاسـتیەش لـە چـەندەها ئایـەتی قورئاندا دەردەكەوێ:

وەكو خوای پەروەردگار دەفەرمووێ :

﴿أَيَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَن يُتۡرَكَ سُدًى ٣٦﴾ (القيامة).

واتە: ئایا ئادەمیزاد وادەزانـێ هـەروا وازی لێ دەهێنرێت وبـە خـۆڕای و بـێ مەبەست دروست بووە .

وە لـــە جێگەیـــەكی تـــردا خـــودا ئـــاوا دەفـــەرمووێ: ﴿وَمَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا بَٰطِلٗاۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنَ ٱلنَّارِ ٢٧ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلۡمُفۡسِدِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلۡمُتَّقِينَ كَٱلۡفُجَّارِ ٢٨﴾ (سورة ص).

واتـــە: ئێمـــە ئاسمـــان و زەوی و ئـــەوەی دەكەوێتە نێوانیانەوە، هەروا بە پوچ و بـێ حیكمـــــەتو هەوەنتـــــەكاری دروســـــت نەكردووە، ئـەو بیروبـاوەڕەی كـەوا بزانـێ بەبێ حیكمەت دروست بوون، ئەوە گومانو بۆچوونی بـێ باوەڕانـە، سـزای سـەخت بـۆ ئەو بێ باوەڕانە هەیە لەئاگری دۆزەخدا.

وەلـــە عەدالـــەتی خودایـــە نابـــێ كـــافرو موسڵمان لەیەك ترازودا دابنرێو وەكو یـەك و یـــەك ســـەرەنجامیان هـــەبێ، بۆیـــە دەفەرمووێ:

ئەگـەر بونـەوەر بـەبێ حیكمـەت دروسـت بووبێ، ئەی ئایا ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو كـــردەوەی باشـــیان كـــردووە، دەكـــرێو دەگونجـێ وەكـو خراپـەكاران مامەڵـەیان لەگەڵـدا بكـرێ، دەشـێ خـوای حـەكیمو كارزان چاكەكارانو خراپەكاران وەكـو یـەك تەماشا بكاتو یەك حیسابیان بۆ بكات.

جائەگەر قیامەتو لێ پرسینەوە نەبێو بـە چاكەكار نەوێژرێ چاكەت كردو بەخراپەكار نەوترێ خراپـەت كرد، مانای وایە وەك یـەك تەماشـاكراون و حیـساب كـراون، ئـەوەش لەخوایەكی دادوەری داناو كـارزانو حـەكیم ناوەشێتەوە.

جامـادام: بونـەوەر هـەروا بەگاڵتـەو بـێ مەبەست نەخراوەتە خزمەتی ئینسانەوە.

كەواتە: حیكمـەت و مەبەسـتێكی گـەورەو پڕبایـەخ هەیـە، دەبێـت ئینـسان وەكـو وەزیفـەی سـەر شـانی خـۆی جێبـەجێی

بكات، وە ئەو وەزیفەیەش حەقێكی خوای پەروەردگارەو دەبێ ئادای بكات.

وەكو خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿٣٨﴾ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾ ﴾ (الدخان) .

واتـە: ئێمـە ئاسمـان و زەوی و ئـەوەی لەنێوانیان دا هەیە، هەروا بۆ گاڵتـەو یاری دروست نـەكردووە، دروستمان نـەكردوون تەنها لە پێناو بـەدیهێنانی هەقێكدا نـەبێ، كە ئەو حەقەش ئەرك و وەزیفەی سەرشانی مرۆڤە، بەڵام زۆربەی خەڵكی مەسئولییەتی سەرشانی خۆی نازانێو درك بەو حەقیقەتە ناكات بۆیە گومانی وادەبات كە بونەوەر بەبێ مەبەست دروست بوبێ .

﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۗ وَإِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَءَاتِيَةٌ ۖ ﴾ (الحجر: ٨٥)

واتـە: ئاسمـان و زەوی و ئـەوەی لەنێوانیاندایـە دروستمان نـەكردوە تـەنها لەپێناو هێنانەدی حەقێكدا نەبێ، كە مرۆڤ دەبێ ئـەو حەقـە هـەلگرێو جـێ بـەجێی بكات، وەبێگومـان قیامـەتیش دێو لەسـەر ئـەو حەقـەی كـەبۆی دروست كرابـوون مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەكـرێ و ئـەوەی حەقەكەی جێ بەجێ كردبێ و بەجوانی ئـادای كردبـێ ئـەوا خۆشـبەختیو بەختەوەری و ئۆخ ژینی بۆ خۆی مسۆگەر دەكات، بەڵام ئـەوەی حەقەكـەی بـەجێ نەگەیاندبێ ئەوا بەدبەختیو چارەڕەشیو تاڵ ژینی بۆ خۆی دابین دەكات.

**وە ئـەو حیكمـەت و مەبەسـتە گـەورەو گرنگـەی كـەمرۆڤ لەپێناویدا دروست بووەو وەكو وەزیفەو ئەركێكی پڕبایەخی سەرشانی خۆی دەبێ جێ بەجێی بكات بریتییە لە:**

**بەندایـەتی كـردنو پەرسـتنی خـوای پەروەردگار.**

وەكو خوای پەروەردگار دەفەرمووێ :

﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ (الذاريات) .

واتە: بنیادەمو جنۆكەم دروست نـەكردووە تەنها بۆ بەندایەتی كردنی خۆم نەبێ .

وە ئـەم بەندایـەتی كردنـەش گـەورەترین حـەق و مافێكـە كـە خـوای پـەرەوەردگار لەسەر ئینسانی دانابێ.

وەكو پێغەمبـەرﷺ بـە «معـاذ»ی كوڕی «جبل»ی رضي الله عنه فەرموو، ئایا دەزانـی مـافی خوا لەسەر بەندەكانی چییە؟ ئەویش وتـی

خـواو پێغەمبەرەکـەی ﷺ باشـتر دەزانـن. فەرمووی:

(حَقَّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلَا يُـشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا)[1].

واتە: حەق و مافی خوا لەسەر بەندەکانی ئەوەیە کەبیپەرستن‌و بەندایەتی بۆ بکەن‌و هاوبەشی بۆ دانەنێن .

**کەوابوو:**

ئینسان هەتا ئەوکاتە ئـەو شـان و شـکۆو پلەوپایــە بــەرزەی دەبــێ و ئــەو ڕێــزو حورمەتــەی دەپــارێزرێ، کەحیکمــەتی خولقێنراوی خۆی کە بەندایـەتی کردنـە بـۆ خوا لە خۆی دا دێنێتەدی، وەئـەو ئەرکـەی پێی سپێراوە بەباشی جێبـەجێی بکـات‌و بە جوانی ئادای بکات.

ئەگـەر نـا بـەهۆی لادان و سەرپێـچییەوەو بــەهۆی کــوفرو شــیرك‌و بــێ باوەڕییــەوە دەچێتە ڕیزی ئاژەڵ‌و بگرە خراپتریش.

جامادام: ژیـانی دونیـا بـۆ ئـەوە بـە مـرۆڤ دراوە کەبەندایــەتی خــوای تێــدا بکــات، کەواتە: ژیانی دونیا تاقە دەرفەت‌و مەیدانی تاقی کردنەوەی مرۆڤەو نەتیجەو ئـەنجامی تـاقی کردنەوەکـەش لەقیامەتـدا دەبینــێ‌و دەسـتی دەکـەوێ، وە بابـەتی ئـەو تـاقی کردنەوەیەش بریتییـە لەبەندایـەتی کردنـی خواو تەنها پـەرستنی.

جا لەوەوە دەردەکەوێ: کە مرۆڤ بۆ ئـەم ژیانە کورت و زوو تێپـەڕەی دونیـا دروسـت نەکراوەو بەدینەهێنراوە، بەڵکو بۆ ژیانێکی هەمیشەی نـەبڕاوە خـولقێنراوە کـە لـە دوا ڕۆژدا دەیبینــێ، وەك ئــەنجام و بەرهــەمی ئەم ژیانی دونیایە، وەئـەو ژیانـە نـەبڕاوەی قیامــەتیش دەکــرێ بــە دوو بەشــەوە بــە گوێرەی تاقی کردنەوەکەی ژیانی دونیا:

یــان بەهەشــتی پڕنــازو نیعمەتــە بــۆ ئــەو کەسانەی بەندایەتی ڕاستەقینەیان بۆ خـوا کردووە. وەیان دۆزەخی پڕ ژان و شینە بۆ ئــەو کەســانەی بەندایــەتیان بــۆ خــوا نەکردووەو بە تەنها ئەویان نەپەرستووە.

**لەوەش گرنگتر ئەوەیــە کــە ئینــسان بزانــێ عیبــادەت‌و بەندایــەتی واتــای چییە؟**

مانــای زمانــەوانی بەندایــەتی بریتیــە لــە ملکەچی‌و خۆ بەکـەم زانـین، واتـە تەسـلیم بــوونی کەســێك‌و ملکــەچ بــوون‌و خــۆ بەدەســتەوەدانی بــۆ کەســێکی تــر کــە

---

(١)(صحيح البخاري: ٩ / ٤٥٩).

هەرشتێك ئەو پێی خۆشە بۆی بكاتو لێی یاخی نەبێو ئەو چۆنی پێ خۆش بێ ئەوەها هەڵیسێنێو داینیشێنێ.

هەوەكو لە« لسان العرب: ٣ / ٢٧٣» دا هاتووە:

( ومعنى العبادة في اللغة الطاعةُ مع الخُضُوعِ ومنه طريقٌ مُعَبَّدٌ إِذا كان مذللاً بكثرة الوطءِ).

واتە: مانای بەندایەتی لە زمانەوانی دا: بریتییە لە گوێڕایەڵی كردن بە ملكەچیو زەلیلییەوە، هەر وەك چۆن دەوترێ ڕێگایەكی خۆشكراو، بۆیە وای پێ دەوترێ چونكە زەلیلو ملكەچی ژێر پێی خەڵك بووە.

بۆیە دەفەرمووێ: (وأَصل العُبودِيَّة الخُضوع والتذَلُّل) «لسان العرب٣/ ٢٧٣».

واتە: بنەمای سەرەكی بەندایەتیو پەرستن بریتییە لە ملكەچیو خۆ بەدەستەوە دانو زەلیل بوون.

هەر بە پێی واتای زمانەوانی كاتێك بە كۆیلە دەوترێ «عبد» واتە بەندە، چونكە ئەركی سەرەكی عەبد گوێڕایەڵی كردنی گەورەكەیو ڕاپەڕاندنی فەرمانەكانێتی.

هەروەكو «موسى» ﷺ بە «فرعون»ی فەرموو: ﴿ وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٢٢﴾ ﴾ (الشعراء).

واتە: منەتی ئەوەم بەسەردا دەكەیت كە بەنی ئیسرائیلت كردووە بە كۆیلەی خۆت.

كەوابوو: «فرعون» بەنو ئیسرائیلی كردبوو بە خزمەتكارو كۆیلەی خۆیو چۆنی پێ خۆش بێ ئەوەها كاری پێیان دەكرد، بۆیە ئەو كۆیلایەتیە بە بەندایەتی باس دەكات.

كەوابوو: بەندایەتی لە زمانەوانی دا بە مانای زەلیلیو ملكەچ بوونی كەسێك دێت بۆ كەسێكی تر كە نەتوانێ لێی یاخی بێ.

**<u>وەكو وتمان:</u>**

ئەركی سەرەكی بەندەو كۆیلە گوێڕایەڵی كردنی گەورەكەیو ڕاپەڕاندنی فەرمانەكانیەتی، جا ئەگەر ئەم بەندەیە هەر بەوەندەوە نەوەستا كە خۆی تەسلیمی گەورەی بكاتو، بەڵكو لەگەڵ گوێڕایەڵی كردنو تەسلیم بوونی ڕواڵەتیەكەی دا دڵیشی بەوپەڕی خۆشەویستیو پێخۆش بوونەوە ملكەچو زەلیلو گوێڕایەڵی بێ، ئەوا پەرستنی بۆ ئەو كەسە ئەنجام داوەو خۆی كردووە بە

عەبدی ئـەو کەسـەو ئەویـشی کـردووە بـە پەرستراو وخودای خۆی.

بەڵام ئەگەر لەگەڵ تەسلیم بوونی ڕواڵەتی دا دڵـی ملکەچو زەلیلـی نـەبوو، ئـەوا پێـی نـاوترێ پەرسـتن، بـەڵکو پێـی دەوتـرێ خزمـەت کـردن، وەکـو چـۆن کۆیلەیـەك خزمەتی ئاغاکەی خۆی دەکات، لێرەدا ئەم کۆیلەیە بە ڕواڵەتی گوێڕایەڵە بـۆ فـەرمانو داخوازیەکانی گەورەکەیو لێی یاخی نابێ، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی دڵـی ملکـەچو زەلیلـی نییە بە خۆشەویستیو پێ خۆش بوونەوە، ئەوا پێی ناوترێ پەرستن.

**جا بەپێی ئەوەی کە وترا:**

**عیبادەتو خوا پەرستی:**

**بریتییـه لـەوەی کـە ئینـسان بـەو پـەڕی خۆشەویـستیو پێخـۆش بوونـەوە خـۆی زەلیلو ملکەچی خودا بکـاتو ئـەوەی خـودا پێ خۆش بـێو لێـی ڕازی بـێ بـۆی ئـەنجام بدات، ئەوەی خودا پێـی نـاخۆش بـێو لێـی ناڕازی بێ وازی لێ بهێنێ.**

کـەوابوو بەندایـەتیو خواپەرسـتی دوو دیوی هەیە:

**دیـوی یەکـەمیان:** لەبەرچـاو پـەنانو شاراوەیەو خودا نەبێ کەس نایبینێ.

**دووی دووەمیـان:** بەرچـاویو ڕواڵەتییـەو هەموو کەس دەیبینێ.

جـا دیـووی یەکـەمیان بریتییـە لـە خۆشەویـستیو زەلیلـی یەکـە کـە هەسـتو سـۆزو عاتیفەیـەکی دەرونییـەو لەبەرچـاو پەنهانـەو نادیـارە، بـەڵام ئـەو خۆشەویـستیو زەلیلییـە دیمـەنو ڕواڵـەتێکی دیـتراو بەرچاویـشی هەیـە کـە دەکرێتـە بەڵگـەو نیـشانەی هـەبوونی ئـەو خوشەویـستیو زەلیلیـە، کـە ئـەویش دیـووی دووەمـە کـە بریتییـە لـە جـێ بـەجێکردنی ئـەو شـتانەی کـە خـودا پێـی خۆشـەو لێـی ڕازییـەو دوورکەوتنـەوە لـەو شـتانەی کـە خـودا پێـی ناخۆشـەو لێـی ناڕازییە.

**کـــەوابوو: کۆڵەکـــەی ڕەســـەنی بەندایەتی بریتییە:**

**لـــە دەربڕینـــی ئـــەو پـــەڕی خۆشەویستیو زەلیلـیو ملکەچـی بـۆ خودا:**

واتـــە دەبـــێ خـــودا لـــە دڵـــی دا زۆر شـیرینو خۆشەویـست بـێ، لەگـەڵ ئـەم خۆشەویـستیەشدا ئەوپـەڕی بـە گـەورە دانـانو زەلیلـیو ملکەچـیو ژێـر بـاری لەگەڵـدابێ بـۆ خـۆش ویـستراو کـە خودایـە، بۆیـە کـە خـودای خـۆش دەوێ

خـــۆش ویـــستنەکەی بـــە شـــێوەیەکی وابێـت کـە زەلیـلو ملکـەچو ژێـر باریـشی کردبـێ و زۆریـش بەگـەورەی دابـنێ. ئـەم خۆشویـــستنەش بنـــەمای ڕەســـەنو بنـــچینەی مەحکـــەمی کـــردەوەو بەندایەتییـەکانی تـرەو پاڵنـەری عەبـدە بـۆ نزیـك بونـەوە لـە خـۆش ویـستراو بـە ئەنجامـدانی ئـەو کارانـەی کـە لای خـۆش ویستراو خۆشەویستن.

بۆیـە ئەگـەر کەسـێك زەلیلـیو ملکەچـی ڕواڵـەتی دەربـڕی بـەلاَم خۆشویـستنی دڵـی لەگـەڵ دا نـەبوو، ئـەوا بەندایـەتی ئـەنجام نـەداوە، وەکـو ملکـەچ بـوونی کۆیلەیـەك بـۆ گەورەکـەی، وە ئەگـەر خۆشەویـستی دەربـڕی بـەلاَم زەلیلـیو ملکەچـی نەنوانـد ئـەوەش هـەر بەندایـەتی ئـەنجام نـەداوە، وەکـو خۆشویـستنی بـاوك بـۆ ڕۆڵەکـەی، کـەوابوو: کاتێـك خۆشەویـستی دەبـێ بـە عیبـادەت کـە زەلیلـیو ملکەچـی لەگـەڵ دا بێ .

هەروەکو خودا دەفەرمووێ:

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبّٗا لِّلَّهِ﴾(البقرة: ١٦٥).

واتــە: ئەوانــەی وا باوەڕیــان هێنــاوەو بـە تـەنها بەندایـەتی بـۆ خـودا دەکـەن، تــەواوی خۆشەویــستیو ملکەچــیان بــۆ خودایە.

وەپێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَـدَ حَلَـاوَةَ الْإِيمَـانِ أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُـولُهُ أَحَـبَّ إِلَيْـهِ مِمَّـا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَـرْءَ لَـا يُحِبُّـهُ إِلَّـا لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِـي الْكُفْـرِ كَمَـا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ)(٢).

واتــە: ســێ کــردار هەیــە لــە هــەر کەسـێکدا هـەبێ، ئـەوا شـیرینیو لـەزەتی بـــاوەڕو ئیمـــان دەچـــێژێ: خـــوداو پێغەمبەرەکـەیﷺ لـە هـەموو کەسـێك زیـاتر خـۆش بـوێ، وە ئەگـەر کەسـێکی خۆشویـست، خۆشـی نـەوێ تـەنها لەبـەر خـودا نـەبێ، وە هـەر وەکـو چـۆن پێـی ناخۆشـە فـڕێ بدرێتـە ئـاگرەوە، ئـاوا پێـی نـاخۆش بـێ جـارێکی تـر بگەڕێتـەوە بـۆ شیرکو کوفرو بێ باوەڕی.

ئیمامی«إبن تيمية» دەفەرمووێ:

(٢) (رواه الترمذي والنسائي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير:٣٠٤٤).

(وَالْعِبَادَةُ تَتَضَمَّنُ كَمَالَ الْحُبِّ وَنِهَايَتَهُ وَكَمَالَ الذُّلِّ وَنِهَايَتَهُ؛ فَالْمَحْبُوبُ الَّذِي لَا يُعَظَّمُ وَلَا يُذَلُّ لَهُ لَا يَكُونُ مَعْبُودًا وَالْمُعَظَّمُ الَّذِي لَا يُحَبُّ لَا يَكُونُ مَعْبُودًا)[٣].

واتە: بنەمای ڕەسەنی بەندایەتی لە خۆگرە بۆ ئەوپەڕی خۆشەویستیو تەواوی ملکەچیو زەلیلی، جا ئەو کەسەی کە خۆشەویستە لە دڵ داو بەڵام بەگەورە دانەنرێو زەلیلیو ملکەچی بۆ دەرنەبڕێ، ئەوا بە پەرستراو دانانرێو بەندایەتی بۆ نەکراوە، وە ئەو کەسەش کە بە گەورە تەماشا بکرێ، بەڵام لە دڵ دا شیرینو خۆشەویست نەبێ، ئەوا ئەویش نابێ بە پەرستراوو بەندایەتی بۆ نەکراوە.

وەکو وتمان بنجو بناوانی بەندایەتیو خواپەرستی بریتییە لە دەربڕینی خۆشەویستیو زەلیلیو ملکەچی، بەڵام ئایا هەموو کەس بۆی هەیە لافو گەزافی ئەوە لێ بداتو بڵێ خودام خۆش دەوێو زەلیلو ملکەچی ئەوم؟

هەڵبەت نەخێر، خۆشەویستیو زەلیلیو ملکەچی نواندن بۆ خودا هەروا هەوەنتەکاریو لافو گەزاف لێدان نییە، بەڵکو نیشانەو بەڵگە گەلێك هەیە کە خاڵی جیاکەرەوەن لە نێوان ئەوانەی کە بەڕاستی خودایان خۆش دەوێ، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ڕاست ناکەن لەوەی کە دەیڵێن.

وەکو پێشتر وتمان بەندایەتیو خواپەرستی دوو دیوی هەیە، دیوێکیان لە بەرچاو پەنانو شاراوەیەو خودا نەبێ کەس نایبینێ، وە دیوەکەی تری بەرچاویو ڕواڵەتیەو هەموو کەس دەیبینێ، وە دیووی دووەمیان بەڵگەو نیشانەی هەبوونی دیووی یەکەمیانە، جا دیووی یەکەمیان بریتییە لە خۆشەویستیو زەلیلی یەکە کە هەستو سۆزو عاتیفەیەکی دەرونییەو لە بەرچاو پەنهانەو نادیارە، بەڵام ئەو خۆشەویستیو زەلیلییە دیمەنو ڕواڵەتێکی دیتراو بەرچاویشی هەیە کە دەکرێتە بەڵگەو نیشانەی هەبوونی کە ئەویش دیووی دووەمە کە بریتییە لەو کردارو گفتارو ڕەفتارانەی کە ئینسانی

(٣) (مجموع الفتاوى: ١٠ / ٥٦).

خواپەرست پێی هەڵدەستێ‌و دەیکاتە بەڵگەو تەرجەمەو نیشانەی بوونی خۆشەویستی‌و زەلیلی یەکەی بۆ خۆشەویستو پەرستراوەکەی کە خودایە.

کەوابوو: خۆشەویستی‌و زەلیلی بۆ خودا کە بەو جۆرە لە دڵدا ڕەگی داکوتا، دەبێتە پاڵنەرو هاندەری عەبد بۆ ئەوەی ئەو کردەوانە جێ بەجێ بکات کە لەلای خۆشویستراو خۆشەویستن‌و، بۆ دورکەوتنەوە لەو کردەوانەی کە لەلای خۆش نەویستراو بێزراون.

**کەوابوو: دەربڕین‌و دەرخستنی خۆشەویستی‌و زەلیلی‌و ملکەچی بۆ خودا بەوە دەبێ:**

**ئەوەی خودا پێی خۆشەو لێی ڕازییە بۆی ئەنجام بدرێ‌و ئەوەش کە خودا پێی ناخۆشەو لێی ناڕازییە وازی لێ بهێنرێ..**

هەروەکو خودا دەفەرمووێ:

﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾ ﴾ (آل عمران).

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن خوداتان خۆش دەوێ، ئەوا شوێنی من بکەون، ئەوجا خوداش ئێوەی خۆش دەوێ‌و لە تاوانەکانتان دەبوورێ، بەڕاستی خودا لێ بووردەو میهرەبانە.

ئیمامی «إبن تيمية» دەفەرمووێ:

(الْعِبَادَةُ: هِيَ اسْمٌ جَامِعٌ لِكُلِّ مَا يُحِبُّهُ اللَّهُ وَيَرْضَاهُ: مِنْ الْأَقْوَالِ، وَالْأَعْمَالِ الْبَاطِنَةِ وَالظَّاهِرَةِ)(٤).

واتە: بەندایەتی: ناوێکی گشتی و گشتگیرە بۆ هەموو کردارو گفتارێك کە ئەنجامدانیان خودا پێی خۆش بێ و لێی ڕازی بێ، ئیتر جیاوازی نییە گفتار بێ، کردار بێ، ئاشکرا بێ، یان شاراوە بێ.

وە وەتراوە:

تعصي الإله وأنت تزعم حبه ...
هذا لعمرك في القياس شنيع
لو كان حبك صادقا لأطعته ...
إن المحب لمن يحب مطيع(٥)

سەرەڕای یاخی بوونت لە خودا گومان
دەکەی خۆشت دەوێ

(٤) (الفتاوى الكبرى: ٥ / ١٥٥).
(٥) (طريق الهجرتين: ١ / ٤٤٤).

سوێندم بە خوا ئەم قسەیەت لەگەڵ واقیع

ڕێك ناكەوێ

ئەگەر ڕاستە خۆشەویستتە دەبێ مل كەچ

كەی بۆ ئەمری

كەسێك كەسێكی خۆش بوێ گوێ بۆ

فەرمانی دەگرێ

جـا هــەر كـرداروگفتـارێكیش كـە خـودا فــەرمانی پــێ كردبــێ، ئــەوا پێــی خۆشــەو لێــی ڕازییــە، وە هــەر كـرداروگفتــارێكیش كـە خــۆدا قەدەغــەی كردبــێ، ئــەوا خــودا پێی ناخۆشەو لێی ناڕازییە.

بۆیـە ئەگـەر ئینـسان بـەو پـەڕی پێخـۆش بـوونو خـۆش حـاڵیو زەلیلـیو ملكەچـیەوە فەرمانــەكانی خــودای جــێ بــەجێ كــردوو، وازی لـــە حـــەرامكراوەكان هێنـــا، ئـــەوا خۆشەویـــستی دەربڕیـــوەو گوێڕایـــەڵی خــودای كــردووەو خــودای بــە پەرســتراوی خـوێ دانـاوەو پەرسـتنی بـۆ خـودا ئـەنجام داوە .

جامادام:

**عیبادەت بریتی بـێ لـە جـێ بـەجێ كردنی ئەو شتانەی كە خودا پێی خۆشەو لێی ڕازییەو فەرمانی پێ كردووە**:

كەوابوو:

هــەر یەكـە لـە نوێـژو ڕۆژوو گـرتنو زەكـات دانو حــەج كـردن عیبـادەتن چـونكە خـودا پێـی خۆشــە، وەهــەروەها پاڕانــەوەو داوای كۆمـــەكی كـــردن بـــۆ دەســـتكەوتنی خێـــرو خۆشـــیو لادانـــی زیـــانو ناخۆشـــیو پـــەناگرتنو تـــرسو ئومێـــد پـــێ بـــوونو قوربـــانی كـــردنو نـــەزركردنو ســـوڕانەوە بــەدەوری كەعبــەدا، زیكـر كـردنو، قورئــان خوێنـدن، سـوێند خـواردن هـەر هـەمویان بـە عیبادەت دادەنرێ.

﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ (غافر: ٦٠).

واتــە: پــەروەردگارتان فەرموویــەتی ئێــوە لـێم بپاڕێنـەوە منـیش وەڵامتـان ئەدەمـەوە، بـەڵام ئەوانـەی كـە لـوت بـەرزی ئەكـەن لـە پەرســتنمو دوعــا لێكــردنم ئەوانــە ئەچــنە دۆزەخەوە بە ڕسواییو سەر شۆڕی .

﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ (آل عمران: ١٧٥).

واتـــە: لـــە شـــەیتانو دۆســـتەكانی مەترسـنو تـەنها لـە مـن بترسـن ئەگـەر بـە ڕاستی ئێوە ئیماندارن.

﴿وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ (المائدة: ٢٣).

واتـە: تـەنها بـە خـوا پـشت ببەسـتن ئەگـەر ئێوە ئیماندارن.

﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ﴾ (الطلاق: ٣).

واتــه: هەركەسـێك پـشت ببەسـتێت بـه خوا ئەوا خوای بەسه.

﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِى وَنُسُكِى وَمَحْيَاىَ وَمَمَاتِى لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾﴾ (الأنعام)

واتــه: بلّـێ هەرچـی نوێـژكردنو سـەرجەم سـەربڕینی حـەیوانو تـەواوی ژیـانو مـردنم هەیـه هـەمووی بـۆ خـودای خـاوەنی بوونەوەره.

﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴿٢﴾﴾ ( الكوثر).

واتــه: نوێــژ بكــه بــۆ پــەروەردگارتو حەیوانیش تەنها بۆ ئەو بكه قوربانی.

﴿يُوفُونَ بِٱلنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُۥ مُسْتَطِيرًا ﴿٧﴾﴾ (الإنسان).

واتــه: سـیفەتی بـڕواداران وایــه ئــەو نــەزرەی كـه بـۆ خـودا كردوویانـه جـێ بـه جێـی دەكــەن، لــه ترســی ناڕحــەتیو ترسناكی ڕۆژی دوایی.

وەهــەروەها چــاكەكردن لەگــەڵ دایــكو باوكـدا، ڕاسـتگۆی لـه قـسەوگفتار دا، بـەڵێن بردنــه ســەر، چــاكەكردن لەگــەڵ خــزمو كـەسو كـارو هـەتیوان دا، فـەرمان كـردن بـه چــاكەو بــەرگری كــردن لــه خراپــه، چــاكەكردن لەگــەڵ ئــاژەڵو حــەیوانات دا، لابردنــی ئــازارو ناڕەحەتیــەك لەســەر ڕێگاوبان.

هــەوەها ئینــسان كاتێــك خــواردنێكی حــەلاڵ دەخــوات یــان دەرخــواردی مــاڵو منـداڵی دەدات، یـان پۆشـاكو جـلو بـەرگی شــەرعیان بــۆ دەكــات یــان ناڕحــەتیو ئــازارێكی ســەر ڕێگــا لا دەدات، هــەموو ئەمانــه بــه عیبـادەتو بەندایـەتی دادەنـرێن بــۆی، تەنانــەت كاتێــك شــەهوەتو ئـارەزووی خۆیـشی بـه ڕێگەیـەكی شـەرعی تێـر دەكـات، هـەر بەشـێكه لـەو عیبـادەتو بەندایەتیــەی كــه بــۆ خــودای دەكــات، چـونكه هـەموو ئەوانـه خـودا پێـی خۆشـەو لێــی ڕازیــه. ئەمانــەو چــەندەهاو ســەدانی تــری وەكــو ئەمانــه هــەر هــەمووی بــه عیبادەتو بەندایەتی دەژمێرێ.

بەڵگــەش لــه قورئــانو ســوننەت دا زۆره ســەبارەت بــەو مانــا فــراوانو گــشتگیرەی چەمكی عیبادەتو بەندایەتی:

وەكو خوا دەفەرمووێ :

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ وَٱشْكُرُوا۟ لِلَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿١٧٢﴾﴾ (البقرة).

واتــه: ئــەی ئەوانــەی واباوەڕتـان هێنـاوه، لـەو ڕۆزی یـه پـاك و حـەلاڵو سـود بەخـشانه

بخۆن کەپێمان داون و سوپاس گوزاری بۆ خوا بکەن، ئەگەر بەڕاستی بەندایەتی بۆ ئەو دەکەن .

لێرەدا خوای گەورە دەفەرمووێ﴿إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿١٧٢﴾﴾ واتە: ئەگەر ڕاستدەکەن عیبادەت و بەندەیی بۆ خوا دەکەن ئەوا دەبێ بە شەریعەتی خواوە پابەند بن‌و ئەوەی خودا پێی خۆشەو حەڵاڵی کردووە ئێوەش دەبێ بەحەڵاڵی بزانن و لێی بەهرەمەند بن و هەرچی خوا پێی ناخۆشەو حەرامی کردووە دەبێ بە حەرامی بزانن و خۆتانی لێ بەدوور بگرن.

کەوابوو: خواردنی ئەو شتانەی کە خودا حەڵاڵی کردووەو دورەپەرێزگرتن‌و لە خواردنی ئەو شتانەی کە خودا حەرامی کردووە بەشێکە لەو عیبادەت‌و بەندایەتییە کە بۆ خودا دەکرێ.

وە فەرموودەی زۆریش لە پێغەمبەرەوەﷺ هاتووە کە ئەو مانا گشتگیرو بەرفراوانەی عیبادەت ڕوون دەکاتەوەو دەیسەلمێنێ کە هەر شتێك مادام خودا پێی خۆش بێو بۆ خودا بکرێ دەبێتە عیبادەت‌و بەندایەتی.

وەکو دەفەرمووێ:

(إِنَّ الْمُسْلِمَ إِذَا أَنْفَقَ عَلَى أَهْلِهِ نَفَقَةً وَهُوَ يَحْتَسِبُهَا كَانَتْ لَهُ صَدَقَةً)(٦).

واتە: موسڵمان کاتێك خەرجی خێزان‌و منداڵی خۆی دەکێشێ، بە نیەت‌و مەبەستی ڕازیکردنی خودا، ئەوا بە چاکەو خێر بۆی دەنوسرێ. وە دەفەرمووێ:

(كُلَّمَا صَنَعْتَ إِلَى أَهْلِكَ فَهُوَ صَدَقَةٌ عَلَيْهِمْ)(٧).

واتە: هەرچییەك دەکەیت بۆ خاوخێزانت، ئەوا بە چاکە بۆت دەنوسرێ.

وەدەفەرمووێ:

(دِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي رَقَبَةٍ وَدِينَارٌ تَصَدَّقْتَ بِهِ عَلَى مِسْكِينٍ

---

(٦) (صحيح البخاري: كتاب النفقات باب فضل النفقة على الأهل، حديث: ٥٠٤١، وصحيح مسلم: كتاب الزكاة باب فضل النفقة والصدقة على الأقربين والزوج والأولاد، حديث: ١٧٣١).

(٧) (صحيح ابن حبان: كتاب الرضاع باب النفقة – ذكر البيان بأن كل ما يصطنع المرء إلى أهله من الكسوة حديث: ٤٢٩٧، وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٤٥٤٦، وصحيح الترغيب والترهيب: ١٩٦٢).

وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ أَعْظَمُهَا أَجْرًا الَّذِي أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ)[٨].

واتە: دینارێك كە لە ڕێگەی خودا خەرجی بكەیت، وە دینارێك كە بۆ ئازاد كردنی بەندەیەك خەرجی بكەیت، وە دینارێك كە بیدەیتە هەژارێك، وە دینارێكیش كە بۆ پێداویستی ماڵو منداڵو خاوخێزانت خەرجی بكەیت، هەمووی خێرو چاكەیە، وە ئەوەی كە بۆ خاوخێزانت خەرجی دەكەیت پاداشتی زۆرترە.

وە هەروەها دەفەرمووێ:

(كُلُّ سُلَامَى عَلَيْهِ صَدَقَةٌ كُلَّ يَوْمٍ يُعِينُ الرَّجُلَ فِي دَابَّتِه يُحَامِلُهُ عَلَيْهَا أَوْ يَرْفَعُ عَلَيْهَا مَتَاعَهُ صَدَقَةٌ وَالْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ وَكُلُّ خَطْوَةٍ يَمْشِيهَا إِلَى الصَّلَاةِ صَدَقَةٌ وَدَلُّ الطَّرِيقِ صَدَقَةٌ)[٩].

واتە: هەموو جومگەیەكی جەستەی ئینسان ڕۆژانە چاكەیەكی لەسەرە، جا ئەگەر دەستباری پیاوێك بدات بۆ باركردنی ولاخەكەی چاكەیەكە، یان شتومەكەكانی لەگەڵ دا بار بكات چاكەیە، گفتارێكی باش چاكەیە، هەر هەنگاوێك كە بۆ نوێژ هەڵی دێنێ چاكەیە، وە لابردنی ئازاردەر لەسەر ڕێگا چاكەیە.

وە هەروەها دەفەرمووێ:

(وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ).

واتە: سەرجێی كردنو تێكەڵی كردنی هەریەكێك لە ئێوە لەگەڵ خێزانی دا بە خێرو چاكە بۆی دەنوسرێ .

وتیان ئەی پێغەمبەری خوداﷺ ئەگەر هەر یەكێك لە ئێمە لەگەڵ خێزانی خۆی دا جووت ببێ خێرو چاكەی بۆ دەنوسرێ؟ فەرمووی:

(أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي حَرَامٍ أَكَانَ عَلَيْهِ فِيهَا وِزْرٌ فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فِي الْحَلَالِ كَانَ لَهُ أَجْرًا )[١٠].

واتە: هەروەكو چۆن ئەگەر شەهوتی لە حەرام تێربكات تاوانی لەسەر

---

(٨) (صحيح مسلم: كتاب الزكاة باب فضل النفقة على العيال والمملوك، حديث: ١٧٢٣).

(٩) (صحيح مسلم: كتاب الزكاة باب فضل النفقة على العيال والمملوك، حديث: ١٧٢٣).

(١٠) صحيح مسلم: كتاب الزكاة باب بيان أن اسم الصدقة يقع على كل نوع من المعروف، حديث: (١٧٣٦).

دەنوسرێ، بە هەمان شێوە کاتێکیش کە لە حەلاڵ دا تێری بکات چاکەو خێری بۆ دەنوسرێ.

**جابەپێی ئەوەی کە وتمان عیبادەت بریتی بێ لە جێ بەجێ کردنی ئەو شتانەی کە خودا پێی خۆشەو لێی ڕازییەو فەرمانی پێ کردووە.**

**کەوابوو:**

بەندایەتی ئەنجام دانی تەواو و کامل بۆ خودا بەوە دەبێ ئینسان هەموو هەڵس و کەوتەکانی ژیانی بەگوێرەی ئەو دین و بەرنامەیە بێ کە خودا بۆ ئینسانی دیاری کردووە، لە ژیانی خێزانی دا، لە مامەڵەو کڕین و فرۆشتنی دا، لە قسەکردن و نان خواردنی دا، لە تەعامول و هەڵس وکەوتی دا ، لە جل و بەرگ و پۆشاکی دا، لەڕۆیشتن و ڕێکردنی دا، هەر هەموو بە گوێرەی ئەو ڕێنمایانە بێ کە خودا وەکو یاساو ڕێسا و شەرع بۆی دیاری کردووە .

بەڵام ئەگەر ئینسان بە پێچەوانەی ئەوە جوڵایەوە یان لە هەندێکا وابووە کە خودا داوای کردووە، بەڵام لە هەندێکی تردا وا نەوبوو، یان بەشێکی ژیانی بە گوێرەی ئەوە بوو کە خودا پێی خۆشە، بەڵام بەشێکی تری بەپێی حەزوو داخوازی هەواو ئارەزوی خۆی یان خەڵکی تربوو، ئەوا بە تەواوی بەندایەتی بۆ خودا نەکردووە، وە بەگوێرەی دووری لە شەرع و نزیکی لە تاوان عیبادەتو بەندایەتی کردنی بۆ خودا لاواز دەبێو، بەرەو نەمان دەچێ، چونکە لە ژیانیدا بەو شێوازە نەژیاوە کە خوا پێی خۆشەو بۆی دیاری کردووەو داوای لێ کردووە .

کەواتە:

چەمكو واتای عیبادەتو بەندایەتی هەموو لایەنەکانی ژیانو گوزەرانی تاكو کۆمەڵ دەگرێتەوە، بۆیە هەرچی بکەین لەم ژیانی دونیایەدا مادام لە سنوری شەرع دا بێو بەپێی شەرعی خودا بێو بۆ خودا ئەنجام بدرێ، ئەوە عیبادەتو خواپەرستیو بەندایەتییە، واتە مادام جموجوڵ و هەڵسوکەوتەکانی ژیان هەموویان بەپێی شەرع بێو بۆ خودا بێ، مانای

وايـه هـەر بـه عیبـادەت لـه قەڵـەم دەدرێـن، جـا ئـیتر جیـاوازی نییـه پەیوەنـدی بـه هـەر لایـەن‌و بـوارێکی ژیـان‌و گـوزەرانی تـاك‌و خێـزان‌و کۆمەڵگاوە هەبێ.

﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ (الذاريات) .

واتـه: بنیـادەم‌و جنۆکـەم دروسـت نـەکردووە تـەنها بـۆ بەندایـەتی کردنـی خۆم نەبێ .

وەکـو لـه ئایەتەکـەوە دەردەکـەوێ تاکه حیکمـەت‌و ئامـانجی دروسـت بـوونی ئینـسان‌و جنۆکـه لـه عیبـادەت‌و بەندایـەتی کردنـی خـودا دا کورتکراوەتـەوە، کەواتـه دەبـێ ئـەو بەندایـەتی‌و عیبادەتـه بـه شـێوەکی وابـێ کـه هـەموو لایەنـەکانی ژیـان‌و سـەرجەم سـات‌و کاتـەکانی تەمـەنی ئینـسان‌و جنۆکـه بگرێتـەوەو بـه ئەنـدازەی نـوکی دەرزیـەك کـەلێن‌و بۆشـایی لـه تەمـەن‌و ژیانیـان نەمێنێتـەوە کـه شمـولی عیبـادەت نـەکات‌و لـەمانای عیبـادەت بـترازێ، چـونکه مـادام تـەنها بـۆ بەندایـەتی‌و عیبـادەت کردنـی خـودا دروسـت کـراون، مانـای وایـه ئەگـەر ئینـسان‌و جنۆکـه شـتێکی تـر بکـەن غـەیری ئـەو عیبـادەت کردنـەی خـودا، ئەوا ڕەنج به خەسار دەبن.

وه بازنـەی عبـادەت‌و خواپەرسـتی سـنورەکەی گـەلێك لـەوە فـراوانترە کـه تـەنها لـه نوێـژو ڕۆژو زەکـات‌و حـەج دا سـنوردار بکـرێ، چـونکه ئەمانـه بەشـێکن لـەو عیبادەتانـەو جـۆرێکن لـه پەرسـتنەکان، نـەك هـەموو عیبـادەت‌و بەندایەتیـەك تـەنها لـه بازنـەی ئـەو پەرسـتنانەدا بخولێتـەوە، کـەوابوو ئـەو عیبـادەت‌و بەندایەتیـەی کـه خـودا ئینـسانی لـه پێنـاودا دروسـت کـردووەو کردوویـەتی بـه تاقـه مەبەسـت‌و خواسـت لـه ژیـان دا سـنورەکەی ئەوەنـدە فراوانـەو ماناکـەی ئەوەنـدە گـشتگیرە کـه هـەموو کـارو بارەکـانی ژیـان لـه خـۆ دەگـرێ‌و سـەرتاپای ژیـان دەگرێتـەوە، بۆیـه هـیچ کـارو کردارێـك نییـه کـه ئینـسان ئـەنجامی بـدات‌و لـه سـنوری عیبـادەت‌و بەندایـەتی دا جێـی نەبێتـەوە، ئـیتر جیـاوازی نییـه پەیوەنـدی بـه پەرسـتشەکانەوە بـێ

وەكـو نوێـژو ڕۆژو زەكـاتو حـەج، یـان پەیوەنـدیو مامەڵـەو هـەڵسو كـەوتی ڕۆژانـەوە بـێ، یـان لـە چوارچـێوەی ئـەو كـارو كردەوانـەدا كـە ئینـسان خـووی پێوەگرتـووە، ئەمانـەی هـەمووی عیبـادەتن مـادام بـۆ خـوا بـێ بـە پێـی شەرعی خوا بێ.

جـا لـەوەوە دەردەكـەوێ ئینـسان بـۆ ئـەوەی بەندایـەتی و عیبـادەتی خـوا بكـات و ئـەو مەبەسـتەی ئـەمی لـەپێناودا دروسـت بـووە جێبـەجێی بكـات پێویـستە هەڵـسووكەوتەكانی ژیـانو گـوزەرانی بـە پێـی ئـەوە بـێ كـە خـودا پێـی خۆشـەو فـەرمانی پـێ كـردووە، وە دوورە پەرێزیش بێ لـەو شـتانەی كـە خـودا پێـی ناخۆشەو قەدەغەی كردووە.

ئەوەی كـە باسـكرا بـریتی بـوو لـە مانـای بەندایـەتیو عیبـادەت، بـەڵام بـۆ ئـەوەی عیبـادەتو بەندایـەتی كردنەكـەمان جێـی خـۆی بگـرێو لـەلای خـودا قـەبوڵو وەرگیراوبـێ، ئـەوا پێویـستە ئـەو عیبـادەت كردنـە لەسـەر دوو بنـەمای سـەرەكیو دوو كۆڵەكـەی ئەساسـی گـرنگ بنیـات بنـرێ، ئەگـەرنا هـەر چـەندە ئینـسان عیبـادەتیش بكـات، ئـەوا سـەرەڕای مانـدوو بـوون لەسەریـشی قەرزار دەبێ.

كـەوابوو: هـیچ جـۆرە عیبـادەتو بەندایەتیـەك ڕاسـتو ڕەوان نـابێو، پەسـەندو وەرگـیراو نـابێ هـەتاوەكو دوو مـەرجی سـەرەكی تێـدا بەرجەسـتە نـەبێ، جـا ئەگـەر یـەكێك لـەو دوو مەرجـەی تێـدا نـەمێنێ، ئـەوا سـەری یـان لەشـیركو ریـاوە دەر دەچـێ، یـان لـە بیدعەو خورافیاتەوە گیردەبێ.

مەرجەكانیش ئەوەیە:

یەكەم: بەتەنها بۆ خودا ئەنجام بدرێن.

دووەم: بـەپێی سـوننەتی پێغەمبـەریش ﷺ جێ بەجێ بكرێن.

**مەرجی یەكەم: بەتەنها بۆ خودا ئەنجام بدرێن.**

وەكـو وتمـان هـەر كـردەوەو گوێڕایـەڵی كردنێـك كـە بـەو پـەڕی خۆشەویـستیو ملكەچـیەوە ئـەنجام بـدرێ، ئـەوە عیبادەتە.

جـا ئـەو گوێڕایـەڵی كردنـە بـەو دوو ڕوكنـەوە كـە بـە تـەنها بـۆ خـودا بكـرێو كەسـی تـری تێـدا بەشـدار نـەكرێ، ئـەوە

پەرستنێکی تەوحیدییەو خودا قەبوڵی دەکات، وە کە بۆ غەیری خوداش بکرێ، ئەوە پەرستنێکی شیرکیەو خودا قەبوڵی ناکات.

**کەواتە:**

**هەر شتێك کە خودا پێی خۆش بێو لێی ڕازی بێ ئەنجام دانی عیبادەتە، جا ئەگەر بە تەنها بۆ خودا ئەنجامدرا، ئەوا خودای تاککردۆتەوە لە بەندایەتی کردنەکەی داو تەوحیدی تێدا بەرجەستە بووە.**

**جا کە عیبادەتەکان بە تەنها بۆ خودا ئەنجامدراو بەشی کەسی تری پێوە نەماو بۆ کەسی تری ئەنجام نەدرا، ئەوە پێی دەوترێ: «توحیدالألوهیة»: واتە تاك کردنەوەی خودا لە عیبادەت کردندا، کە مەرجی یەکەمی قەبوڵ بوونو وەرگیرانی عیبادەتەکانن.**

کەوابوو: دەبێ ئەو پەرستنو بەندایەتییەی کە ئەنجام دەدرێ بە تەنها بۆ خودای جێ بەجێ بکرێو هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی پەرستنو عیبادەت بۆ کەسی تر ئەنجام نەدرێ، بۆیە دەبێ بە جۆرێکی وا خۆی پاك بکاتەوە بۆ خودا کەسی تر بەشدار نەکات لەو بەندایەتییەی کە بۆ خودای ئەنجام دەداتو بەشی کەسی تری پێوە نەهێڵێت .

**چونکە** ئەو شتانەی کە خودا پێی خۆشەو لێی ڕازییە کە بۆی بکرێ، بە تەنها مافی خودا خۆیەتیو نابێ کەس بکرێتە شەریكو هاوبەشو هاوپشکی، تەنانەت ئەگەر مەلائیکەش بێ یان پێغەمبەرێکیش بێ عليه السلام .

بەندایەتی کردن بەو شێوەیەی کە باسکرا، تەنها زاتی خوای پەروەردگار شایستەو شیاوی ئەوەیە ئەم جۆرە بەندایەتیەی بۆ بکرێت بەتەنها چونکە:

زەلیلیو ملکەچی بۆ یەکێك دەنوێنرێت کە ئەوپەڕی تواناو دەسەڵات و گەورەییو تۆڵەو سزای هەبێت. ئەم سیفەتانەش تەنها لە خوای پەروەردگاردا هەن کە ئەوە.

وە خۆشویستنی تەواو تەنها بۆ یەکێك دەکرێت، کە خۆی لە خۆیدا جوانو تەواوو سیفەت بەرز بێت لە لایەکەوە، وە لە لایەکی تریشەوە بەخشندەو میهرەبان و خاوەن چاکە بێت لەگەڵ خەڵکی بێ بەرامبەر. وە هیچ یەکێکیش ئەم دوو لایەنەی تێدا نین بەتەواوی جگە لە خوای بەبەزەیی کە ڕەحمەتەکەی هەموو شتێکی

گرتۆتەوەو، خاوەنی چەندین سیفەتی بەرزو جوانە .

وە گوێڕایەڵی یەکێك دەکرێت، کە فەرمانەکانی هەموو عەدل بن، وە فەرمان بە چاکەو شتی پاك و سوودبەخش بکات، وە نەهیەکانی لە شتی خراپ وپیسو زەرەرمەند بێت. وە هەروەها فەرمانەکانی بگونجێن لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا.

خوای گەورە لە زۆر شوێنی قورئان دا باسی ئەوەی کردووە کە عیبادەتو بەندایەتی دەبێ لەسەر ئەساسی تەوحیدو یەکخواپەرستی بێ:

﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ﴾ (الإسراء: ٢٣).

واتە: پەروەردگارت فەرمانی کردوەو بڕیاری داوە کە نابێ هیچ جۆرە پەرستنو بەندایەتیەك ئەنجامدەی تەنها بۆ ئەو نەبێ.

کەوابوو: گەورەترین فەرمان پێکراوێك کە خودا داوای کردبێ جێ بەجێ بکرێ، ئەوەیە کە عیبادەتمان کرد بەشی کەسی پێوە نەهێڵێنو تەنها بۆ خودای ئەنجام بدەین.

وە دەفەرمووێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ (البقرة).

واتە: ئەی خەڵکینە عیبادەت بە تەنها بۆ پەروەردگارتان بکەن، کە ئێوەو کەسانی پێش ئێوەیشی دروستکردووە، تاوەکو بە هۆی خواپەرستیەوە بگەنە پلەی تەقواو خۆتان لە پەرستنی غەیری خودا بپارێزن، وەتەنها خوداش شیاوی ئەوەی هەیەو مافی ئەوەی هەیە کە عیبادەتو بەندایەتی بۆ ئەنجام بدرێ، چونکە بە تەنها ئەوە کە زەوی بۆ ڕاخستوونو ئاسمانی بۆ کردوون بە بینا، وە لە ئاسمانەوە بارانتان بۆ دەبارێنێو بەهۆیەوە چەندەها بەرووبوومی پێ شین دەکاتو دەبێتە مایەی ڕزقو ڕۆزی بۆ ئێوە، جامادام بە تەنها خودا ژیەنەری ئێوەیەو باوەڕتان بەوە هەیە کە غەیری خودا کەسێکی

تر نییە ئەو هەموو نیعمەتەی ڕشت بێ بەسەرتان دا، کەوابوو عیبادەت بە تەنها بۆ خودا بکەنو کەسی تر مەکەنە هاوبەشی لە عیبادەت کردن دا.

وە دەفەرمووێ:

﴿ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ ﴾

(النساء: ٣٦).

واتە: خودا بپەرستن و شەریکی بۆ دامەنێن لەپەرستن دا.

کەوابوو:

هەروەکو چۆن خودا فەرمانی کردووە بە عیبادەتو بەندایەتی کردنی خۆی، بەهەمان شێوە فەرمانی کردووە بەوەش کە دەبێ عیبادەتو بەندایەتیەکەمان لەسەر ئەساسو بنەمای تەوحید بێو دوور بێ لە هەموو شیرکو غەیری خودا مەبەست بوونێك.

وە دەفەرمووێ:

﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ فَٱعۡبُدِ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿٢﴾ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُ ﴾

(الزمر: ٢ —٣).

واتە: ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ ناردووە ئەی پێغەمبەری خوداﷺ بە حەقو ڕاستییەك کە هۆکاری هیدایەتو ڕێنمونییە بۆ سەرجەم بەندەکان، کەوابوو: عیبادەتو بەندایەتی بۆ خودا ئەنجام بدە بەتاکو تەنهاو لەو عیبادەتو بەندایەتییەش دا تەنها خودات مەبەست بێ، وە وریابە لەوەی نەکەی جۆرێك لە عیبادەت بۆ غەیری خودا بکەی، چونکە خودا عیبادەتو بەندایەتییەکی دەوێتو وەریدەگرێ کە بە پاکی بۆ ئەو بکرێو کەس نەکرێتە شەریكو هاوبەشی.

وەهەروەها دەفەرمووێ:

﴿ قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ .... قُلِ ٱللَّهَ أَعۡبُدُ مُخۡلِصٗا لَّهُۥ دِينِي ﴿١٤﴾ ﴾

( الزمر: ١١ — ١٤).

واتە: ئەی پێغەمبەری خوداﷺ پێیان بڵێ: من فەرمانم پێکراوە کە عیبادەتو بەندەیی بەتەنها بۆ خودا ئەنجام بدەمو تەواوی جۆرەکانی عیبادەت پاك بکەمەوە بۆ خودا، بە جۆرێك دوور بێ لە هەموو شیركو غەیری خوا مەبەست بوونێك .

هەروەکو پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ:

(قَالَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنْ الشِّرْكِ مَنْ عَمِلَ عَمَلًا أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ)(١١).

واتە: خوای گەورە دەفەرمووێ من پێویستم بەوە نییە کەس بکرێتە شەریكو هاوبەشم لە عیبادەتو بەندایەتی دا، بۆیە هەرکەسێك عیبادەتێکی کردو کەسێکی تری کردە شەریکم، ئەوا ئەو بەشەش کە بۆنی کردووە وازی لێ دێنم بۆ ئەو کەسەی کە کردویەتی شەریکی منو لێ وەرناگرم.

وە هەر لەیەکەمین پێغەمبەر کە«نوح»بوو ﷺ تا دواهەمین پێغەمبەر کە«محمد»بوو ﷺ خوای گەورە بۆ ئەوە ڕەوانەی کردن کە بانگی خەڵکی بکەن تاوەکو بە تەنها عیبادەت بۆ خودا بکەنو بە تەنهاش ببن بە بەندەی خوداو واز لە عیبادەتو بەندایەتی کردنی غەیری خودا بهێنن.

وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾ (النحل: ٣٦).

واتە: بەدڵنیایی بۆ هەموو نەتەوەو میللەتێك پێغەمبەرێکمان ناردووە تاوەکو بانگی خەڵکی بکەن بۆ بەندایەتی کردنی خوای پەروەردگار کە تەنها خودا بپەرستنو، خۆیان بەدور بگرن لەتاغوت پەرستیو بەندەیەتی کردنی غەیری خودا.

﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ ﴿٢٥﴾ ﴾ (الأنبياء).

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، سەرجەم پێغەمبەرانی پێش تۆ کەناردوومانن و کتێبمان بۆ دابەزاندوون، بنچینەو بناغەی بانگەوازەکەیان ئەوە بووە بانگی خەڵکی بکەن بۆ بەندایەتی کردنی زاتی «الله»، وە تاوەکو بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە کەهیچ پەرستراوێکی حەقو شیاو بە پەرستن نییە تەنها زاتی«الله» نەبێ، کەوابوو بەندایەتیش بە تەنها بۆ ئەو بکەن.

---

(١١) (صحيح مسلم: كتاب الزهد والرقائق باب من أشرك في عمله غير الله، حديث: ٥٤١٠).

**پوختەی ئەوەی وا وترا:**

١- تاقە مەبەستو ئامانجو حیکمەتێك کە ئینسانی لە پێناودا دروست بوو بریتییە لە عیبادەتو بەندایەتی کردن بۆ خودا.

٢- عیبادەتو بەندایەتیش: واتە ئینسان بەو پەڕی خۆشەویستیو پێخۆش بوونەوە خۆی زەلیلو ملکەچی خودا بکاتو ئەوەی خودا پێی خۆش بێو لێی ڕازی بێ بۆی ئەنجام بدات، ئەوەی خودا پێی ناخۆش بێو لێی ناڕازی بێ وازی لێ بهێنێ.

٣- تەواوی خۆشەویستی بەو پەڕی زەلیلیو ملکەچیەوە بنەمای ڕەسەنو بنچینەی مەحکەمی عیبادەتو بەندایەتی کردنە. کە دەبنە پاڵنەری عەبد بۆ نزیك بوونەوە لە خۆشویستراو بە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە لای خۆش ویستراو خۆشەویستن.

٤- عیبادەتیش خودا دوو مەرجی داناوە بۆ قەبووڵ بوونی:

یەکەم: بەتەنها بۆ خودا ئەنجام بدرێن (الإخلاص).

دووەم: بەپێی سوننەتی پێغەمبەریشﷺ جێ بەجێ بکرێن «الإتباع».

٥- ئەگەر مەرجی یەکەمی تێدا نەمێنێ، ئەوا سەری لەشیركو ریاوە دەردەچێ، خۆئەگەر مەرجی دووەمی تێدا وون بێ، ئەوا پێی لەناو بیدعەو خورافیاتدا دەچەقێ.

درێژەی ئەم باسە بۆ ژمارەی داهاتوو إن شاء الله.

داواکارم لە خوای بەبەزەیی و بە ڕەحم کە لەم کارەماندا بە ئیخلاص و ئەو مەبەست بوون بەهرەمەندمانی کردبێ و.... بە ئیتیباع و شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەیﷺ ڕێزدارمانی کردبێ، وە لە پیسایی ریاو غەیری ئەو مەبەست بوون خاوێنمانی کردبێ و لە کوێرە ڕێچکەی بیدعەو شوێنکەوتنی غەیری پێغەمبەرەکەیﷺ ڕزگارمانی کردبێ .

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك